پۆلیسی گەرمیان : نیوەڕۆی ئەمڕۆ گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ لەڕوباری سیروان خنکا

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند، نیوەڕۆی ئەمڕۆ گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ لەڕوباری سیروان خنکا، سێ هاوڕێی لەگەڵیدا بون لەئێستادا دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەنجامدەدرێت.

عەلی جەمال قدوری وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لەڕاگەیەندراوێکدا بۆیکردەوە، نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەسنوری ناحیەی مەیدان گەشتیارێکی عەرەب بەناوی جابر نەجم لەدایکبوی 2004 دانیشتوی شارەبان لەکاتی مەلەکردندا لەڕوباری سیروان خنکا.
وتیشی، "ئەو گەنجە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەمەبەستی گەشتکردن چونەتە سنوری گەرمیان، ئێستا سێ هاوڕێی کەلەکاتی روداوەکەدا لەگەڵیدابون دەستگیرکراون".

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان باسی لەوەشکرد، تەرمی گەشتیارەکە بەمەبەستی توکاری رەوانەی پزیشکی دادی دەربەندیخان کراوە و پۆلیسی مەیدان لەسەر روداوەکە دەستی بەلێکۆڵینەوە کردوە.